

شێنێ عەزیز:

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی سیروانی نوێ

# لەنێو ٣٦هەزار وەرزشوان توانیم پلەی شەشەم بەدەست بهێنم

**سنووری پارێزگای سلێمانی لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەن کۆمەڵێك یاریزانانی بەتوانایە لە هەردوو رەگەز، یانەکانی ئەو شارە جیا لە یانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆر بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەدەن. لەسەر ئاستی کوردستانیش چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە پێشەنگی یاریزانانی کوردستانیان گرتووە. یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانیش (شێنی عەزیز)ی لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی ناحیەی پیرەمەگرونی سەر بە پارێزگای سلێمانییە و ماوەیەکی زۆریشە لە ریزی یانەی سیروانی نوێ و هەڵبژاردەی عێراق لە خزمەتی وەرزشی یاریی گۆڕەپان و مەیدانە و چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستهێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە بۆ ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

***لە نێوان ئەم هەموو یارییەدا چۆن بوو بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- من وەکو هەموو یاریزانێکی دیکە لە رێگەی قوتابخانەکانەوە دواتریش لەلایەن دوو کچە یاریزانی هاورێم رووم لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کرد لە ساڵی ٢٠١١ تاکو ئێستاش بەردەوامم لە وەرزشکردن و خزمەتی ئەم یارییەش دەکەم.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بڵێین زۆر باشە، وانییە چونکە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام ئێمە وەکو یاریزانان هەوڵدەدەین بە هیممەتی هەموو لایەك زیاتر ئەم یارییە بەرەو پێش ببەین لە شارەکانی کوردستان ئەوانیش پشتگیریی زیاتری یارییەکە بکەن.

***سلێمانی هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانای یاریی گۆڕەپان بووە و کێبڕکێیان لەسەر**







**بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە، ئایا سلێمانی لە شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەو یارییە باشترە؟**

- لەشاری سلێمانی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستێکی زۆر باشدایە، چونکە زۆربەی یاریزانەکان لە سلێمانین، هەر چەندە لە شارەکانی تری کوردستانیش تاڕادەیەك باشە، بەڵام هەر وەکو پێویست نییە و سلێمانی باشترینیانە.

***پێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز دەبێت چی بکرێت؟**

- بۆ زیاتر پێشکەوتنی ئەم یارییە لە کوردستان پێویستە لە کاتی پاڵەوانێتییەکان ژمارەیەکی زۆر لە راگەیاندنەکان ئامادەی بن، بۆ ئەوەی زیاتر پشتگیریی یاریزانان و یارییەکە بکرێت، جگە لەوەش پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس زیاتر خول بکاتەوە بۆ ئەوەی یاریزانان بتوانن کێبڕکێ بکەن و ژمارەی پێوانەیی زیاتر بشکێنن، جگە لەمەش پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس یاریگەی تایبەت بەم یارییە بکاتەوە.

*** وەکو کچە یاریزانێك باشترین ئەنجامەکانت چی بوون؟**

- ئەنجامەکانم زۆر باش بوون و لەسەر ئاستی کوردستان چەندین ژمارەی پێوانەییم بە ناوی خۆم تۆمار کردووە لە راکردنەکانی ٨٠٠م، ١٥٠٠م، ٣٠٠٠م، ٥٠٠٠م لەسەر هەر سێ ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان، جگە لە راکردنی ٨٠٠م لەئاستی پێشکەوتووان نەبێت، ئەوانی دیکە هەموو ریکۆردەکانی بە ناوی خۆمن، پەنا بەخوای گەورە هەوڵی زۆر دەدەم و ئامادەکاریی باش دەکەم بۆ ئەوەی ژمارەی پێوانەیی زیاتر بە ناوی خۆم بکەم، لە ماڕاسۆنێکی ماوەدرێژ لە وڵاتی لوبنان لە نێو ٣٦هەزار وەرزشوان توانیم پلەی شەشەم بەدەست بهێنم، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش لە پاڵەوانێتیی رۆژئاوایی ئاسیا لە وڵاتی ئوردن توانیم بە راکردنی ٨٠٠م پلەی سێیەم بەدەست بهێنم و وەکو کچە کوردێك مەدالیایەك بهێنمەوە. لە پاڵەوانێتیی عەرەبیش لە وڵاتی میسر بەشداریم کرد.

***لەئێستادا وەکو یاریزانێك بەرنامەت چییە؟**

- رۆژانە خۆم بە مەشقکردنەوە سەرقاڵ کردووە، تاکو زیاتر خۆم ئامادە بکەم بۆ ئەمساڵ کە وەکو کچە کوردێك بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی وڵات بکەم، کە دوو پاڵەوانێتییە و لە تونس و لوبنان بەرێوەدەچێت.

***کێشەو گرفتتان لەم یارییەدا چییە؟**

- کێشەو گرفتی ئێمە نەبوونی یاریگەیە تاوەکو رۆژانە مەشقەکانی تێدا ئەنجام بدەین

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

- هیچ کەسێکمان وەرزشکار نین جگە لەخۆم .

***خانەوادەکەت رێگری لە وەرزش کردنت ناکەن؟**

- هیچ کات ئەو کارە رووی نەداوە لە خانەوادەکەم، بەڵکو هاندەری بەردەوامی من بوون لە ورەزشکردن و ئەوان بەردەوام هانی منیان داوە و هاوکاری من بوون و دایکی خۆشەویستم بەپلەی یەك دێت لە هاوکاریکردنم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- هیوادارم ئێمەش وەکو هەڵبژاردەی عێراق رۆژێك لە رۆژان هەڵبژاردەی کوردستانمان هەبێت و بتوانم بە ناوی کوردستان و بە ئازادی ئاڵای وڵاتەکەمان بەرز بکەمەوە و بە هەموو جیهانی بناسێنم و لە پاڵەوانێتییەکی جیهانی بەشداری بکەم.

***یانەی سیروانی نوێ وەکو پێویست هاوکاریتان دەکەن؟**

- لێرەوە سوپاسیان دەکەم و دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەردەوام هاوکاریی ئێمە بوون لە پشتگیری کردنمان و هیچ کات درێخییان نەکردووە.

*** بەچ یاریزانێك سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی بەناو بانگ یوسین بۆڵت سەرسامم و زۆر حەز دەکەم بگەمە ئاستی ئەو یاریزانە.

***جگە لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دی ئەنجام دەدەیت؟**

- هیچ یارییەکی دیکە ئەنجام نادەم، بەڵام پێشووتر بۆ ماوەی یەك ساڵ یاریزانی تۆپی پێ بووم، ئێستاش بەردەوامم لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست دەکەم کە هەمیشە پێشەنگ بوون لە خزمەتکردنی بزاڤی وەرزشی و لە ناساندنی یاریزاناندا کاری بەرچاویان کردووە.

دیمانە: کارزان کانەبی




# ریال مەدرید چاوی لە گۆڵپارێزی پێشووی بەرشلۆنەیە

# بۆ وەرگرتنی رۆڵی میسی ریبێری لە بایەرن مایەوە




یاریزانی نێودەوڵەتی فەرەنسی و یانەی بایەرن میونشنی ئەڵمانی فرانکریبێری دووپاتیکردەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆندێکی لەلایەن یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی پێشکەشکرا، بەڵام رەتیکردەوە.

لەمبارەیەوە رۆژنامەی دەیلیمەیلی بەریتانی لە زاری ریبێری روونیکردۆتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ ریال هەوڵیدا بۆندی لەگەڵدا واژووبکات، بەڵام لەوکات یانەکەی هەرێمی باڤاری هەڵبژاردووە و ئەوەی بە باش زانیوە. هەروەها ئەو یاریزانە فەرەنسیە وتوویەتی: یانەی بایەرن میونشن لە سەرەتای دانوستاندنەوە بۆیان دووپاتکردمەوە کە بەلایانەوە وەك یاریزانی بەرشلۆنە لیونیل میسی بۆ ئەوان گرنگم، بۆیە لەو ساتەوە بۆ یەك ساتیش دوودڵ نەبووم لەم گرێبەستە وپەشیمانیش نیم.

لە درێژەی قسەکانیدا ریبێری رایگەیاند: بە کۆتاهاتنی گفتوگۆکانی کۆتایی لەگەڵ یانەی مەرسیلیا و چوونم بۆیانەی بایەرن میونشن ساتێکی گرنگ و خۆش بوو لە کاروانی وەرزشیم هەر چەندە یانەی ریالیش زۆر هەوڵیدا پەیوەندیان پێوە بکەم.



بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی ئیسپانیا یانەی ریال مەدریدی پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی یانەکانی ئەوروپا و خاوەن پلەی دووەمی ریزبەندی خوولی ئیسپانیا نێوی گۆڵپارێزی ئیسپانیا و یانەی مانچستەریونایتدی ئینگلیزی ڤیکتۆرڤاڵدێزی خستۆتە لیستی داواکراوانی بۆ شوێنگرتنەوەی هاونیشتمانییەکە و کاپتنی تیپەکە ئیکەر کاسیاس. لەمبارەیەوە رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا دووپاتیکردۆتەوە کە یانەی پایتەخت ریال مەدرید بیر لە واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ گۆڵپارێزی پێشوی یانەی بەرشلۆنە ڤیکتۆر ڤاڵدێز دەکاتەوە، دوای ئەوەی نێوی خستە لیستی ئەو گۆڵپارێزەداواکراوانەی بۆ شوێنگرتنەوەی کاسیاس لە ئەگەری رۆیشتنی لە کۆتایی ئەم وەرزە .

بەپێی هەواڵی رۆژنامەی ناوبراو یەکێکیتر لەو گۆڵپارێزانەی ریال مەدرید چاوی تێبڕیوە، دیڤد دیخیای گۆڵپارێزی یانەی مانچستەریونایتدی ئینگلیزییە، هەرچەندە ئەمە ئەستەمترین بژاردەیە بەهۆی دەستپێوەگرتنی یانەی شەیتانە سوورەکان بەو گۆڵپارێزە. هەروەها پیتەر چیکی گۆڵپارێزی یانەی چێلسی و ئۆجستۆباتالا گۆڵپارێزی یانەی ریڤەرپلیتی ئەرژەنتینی نێویان لە نێو لیستی داواکراوەکانە. پێویستە بوترێت ڤیکتۆرڤاڵدێز بەپێی گرێبەستەکی سەرەتایی لەگەڵ یانەی مۆناکۆی فەرەنسی رێککەوتبوو کە لەسەرەتای وەرزی ئەمساڵ یارییان بۆ بکات، بەڵام بەهۆی پێکانەوە نەیتوانی پابەندبێت و دواتر روویکردە یانەی شەیتانەسوورەکان لەمانگی کانوونی دووەم کە بۆندەکەی بۆماوەی ساڵێك ونیوە ودەتوانن بۆساڵێکیتر درێژی بکەنەوە.



# هەڵوێستی یانەی چێلسی لە بەرامبەر محەمەد سەڵاح

سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان لەناو یانەی چێلسی دووپاتیان کردەوە هەڵوێستی یانەی بلوز لە بەرامبەر یاریزانی میسری محەمەد سەڵاح تا سەرەتای وەرزی داهاتوو یەکلایی نابێتەوە، سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە داوە یانەی چێلسی لە سەرەتای وەرزی داهاتوو بیر لەفرۆشتنی محەمەد سەڵاح دەکەنەوە بۆ یانەی چیۆرونتینای ئیتالی بەرامبەر بە ٩,٥ ملیۆن یۆرۆ، سەڵاح ئێستا بە شێوەی خواستن بۆ یانەی ڤیۆلا یاری دەکات، بەڵام مووچەکەی لەیانەی چێلسی وەردەگرێت .

رۆژنامەی ئیکسپرێسی بەریتانی رایگەیاند یانەی ڤیۆرەنتینا دەیەوێت لەهاوینی داهاتوو بە شێوەیەکی فەرمی سەڵاح بکڕێتەوە، بەڵام یانەی چێلسی دەیەوێت تا وەرزی داهاتوو بوەستێت ئینجا بڕیاری کۆتایی خۆی بدات سەبارەت بەفرۆشتنی سەڵاح بۆ یانەی ڤیۆرەنتینا و یانەی ڤیۆرەنتینا دەتوانێ ماوەی خواستنی محەمەد سەڵاح بۆ وەرزێکی دیکە درێژ بکاتەوە بەپێی ئەو بۆندەی کەلەگەڵ یانەی چێلسی هەیەتی لەکاتی فرۆشتنی یاریزان کۆلۆمبی کوادرادۆ بۆ یانەی بلوز .

یاریزان محەمەد سەڵاح جێگەی ستایشی سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندنی ئیتالیا بووە لەو کاتەی لەوەرزی گواستنەوەی زستانە هاتە ریزی یانە ڤیۆرەنتینا و هاندەرانی ئەم یانەیە داوا دەکەن بەشێوەیەکی بەردەوام بێتە ریزی یانەی ڤیۆلا.



# یانەی نەورۆز شەڕی بەدەستهێنانی نازناوەکان دەکات

لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە ئاستی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی نەورۆز بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە و لە کۆی ئەنجامدانی هەژدە هەفتەی خولەکە یانەی نەورۆز خاوەنی ٣٦خاڵە و لە پلەی یەکەمی ریزبەندی یانەکان دێت، جگە لەوەش یاریزانانی یانەکە ئەمساڵ لەسەردەستی ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەری یانەکە توانیویانە لە سەرجەم یارییەکان ئاستێکی باش پێشکەش بکەن و لە کۆی ئەنجامدانی یارییەکانیش ١٠ سەرکەوتنی گرنگ بەدەستبهێنن، بۆیە لە ئێستادا یانەکە و یاریزانانی بیر لە پاراستنی پێشەنگیی یانەکان دەکەنەوە، بە هیوای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر لە یارییەکانی داهاتوودا، چونکە هەر یارییەك لە یارییەکانی خولەکە بۆ یانەی



# پێشمەرگەی سلێمانی هەوڵی مانەوە لە خولی نایاب دەدات

لەگەڵ ئەوەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەمساڵ بە جیاواز لەساڵانی رابردوو دەرکەوت، ئەوەیش دوای کە چەند ڕاهێنەریان گۆڕی بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر، بەڵام یانەکە نەیتوانی هیچ گۆڕانکارییەك لە ئەنجامی تیپەکەیان بکات، بۆیە لە دوای ئەنجامدانی ١٧ هەفتە لە یارییەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستان یانەی پێشمەرگەی سلێمانی نەیتوانیوە هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنێت، سەرەڕای ئەوەی یانەکە کۆمەڵێك یاریزانی هێناوەتە ریزی یانەکە، بەڵام بە کۆکردنەوەی ١٠خاڵ لە دوایین پلەکانی ریزبەندی خولی یانەکان دێت. بۆیە سەردار ساڵح کە دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە فریادەڕسی یانەکەیانیانی دەزانن لە ئێستا خەریکی دانانی پلانێکی تۆکمەیە بۆ ئەوەی شەڕی مانەوە بکات لەگەڵ یانەکانی دیکە و پێشمەرگەی سلێمانی ڕزگار بکات لە ئەگەری دابەزین. لەم بارەشەوە سەردار ساڵحی ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەزرە یانەکەمان چەند ڕاهێنەرێکی دیاری کردبوو دواتر من هاتمەوە یانەکە کە لە دوای ١٧هەفتە ئەنجامەکانمان وەکو پێویست نەبووە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەو دەستنیشانکردنی یاریزانان ڕاهێنەری پێشووی یانەکەمان لێی بەرپرسیارە کە ئەو دەستنیشانی کردووە، دەستنیشانکردنەکان لە شوێنی خۆی نەبووە

# زیوەر بووە پاڵەوانی کۆپا کۆکاکۆلای پێنجەم

دوای دوومانگ کێبڕکێ لەسەر نازناوی کۆپا کۆکاکۆلای پێنجەم بەبەشداری ٤٠٠ قوتابخانە و ٣٢٠٠ قوتابی وخوێندکار، رۆژی ٥-٤-٢٠١٥ لەسەنتەری بلووی شاری هەولێر هەردوو قوتابخانـەی زیوەری هەولێر وچیای گارەی کەرکووك بەیەك گەیشـتن. بەئامادەبوونـی نوێنەرانی وەزارەتـی پەروەردە و کۆمپانیـای کۆکاکۆلا و دەزگاکانی راگەیاندن ومیدیاکارانی وەرزشی کوردستان، هەردوو قوتابخانەی زیوەری هەولێر وچیای گارەی کەرکووك بەیەك گەیشتن، تایمی یەکەمی یارییەکە بۆ قوتابخانەی میوان بوو بە ئاست وئەنجام کە توانیان تایمەکە بە ئەنجامـی (١-٠) لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکۆتا بێنن ،تایمی دووەم قوتابخانەی میوان پاشەکشـەی کرد لەئاست و ئەنجام، ئەمەش دوای ئەوەی یاریزانەکانی قوتابخانەی زیوەر بەهەموو هێزێك هەوڵـی تۆمارکردنی گۆڵیان دەدا و توانیان لەو گێمە (٣) گۆڵ تۆمـار بکەن و ئەنجامی کۆتایـی یارییەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان بەئەنجامـی (٣-٢) بەکۆتا بێنن و ببنە پاڵەوانی پێنجەمین کۆپا کۆکاکۆلای سـەر ئاستی هەرێمی کوردسـتان. لەکۆتاییشدا خەڵاتی میدال بەسـەر ناوبژیوانان ویاریزانەکان و هەردوو قوتابخانـەی یەکەم و دووەم، هەروەها جامی دووەم و پاڵەوانی پاڵەوانیەتییەکە دابەشـکرا. ماوەتەوە بڵێین قوتابخانەی زیوەری پاڵەوان بە گەشـتێکی زانسـتی وەرزشی لە نزیکترین کات بەرەو شاری دوبەی ئیماڕات گەشت دەکەن.

نەورۆز وەکو یاریی کۆتایی وایە بۆ ئەوەی هیچ خاڵێك لەدەسـت نەدەن، یانەکەش بیر لە بەدەسـتهێنانی نازناوەکە دەکاتەوە بۆ شـاری سلێمانی و نایەوێ ئـەم هەلە لەکیس بدات. هەر لەو بارەیەوە ئەرسـەلان جەلال ڕاهێنـەری یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی توانیمان پێشەنگیی یانەکان وەربگرینەوە و سەرکەوتنێکی گرنگ لەسەر دەستی یانەی زێرەڤانی بەدەست بهێنین، ئێستا ئێمە پلان دانانێین بۆ یارییەکانی داهاتوو بەتایبەتـی یارییەکانی داهاتوومان بۆ ئەوەی بتوانین یانەکانی تریش ببڕین بۆ بەدەسـتهێنانی ئەنجامی شایستە، پاراستنی پێشەنگی یانەکانیش پێویسـتی بە خۆ ماندووکردنی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی دەبێت خۆمان زیاتر ماندوو بکەین و ڕێگە نەدەین هیچ خاڵێك لە کیس تیپەکە بدەین، تاکو ئێستا هیچ گرفتێکمان نییە لە یانەی نەورۆز و مووچەکانی خۆمـان وەرگرتووە، جگە لەوەش بەشـی دووەمی پارەی گرێبەسـتی خۆشـمان وەرگرتووە لەگەڵ یاریزانان و سەرۆکی یانەکەشمان پاداشتی کراوین دوای ئەوەی توانیمان ببینە پێشەنگی یانەکان، تا دوا هەناسە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان شەڕی بەدەستهێنانی نازناوەکە دەکەین و ئێمەش لەگەڵ یانەکانی دیکە دەجەنگین و خۆشـمان بە شایسـتەی بەدەسـتهێنانی نازناوەکە دەزانین، تەنیا یـەك داواکاریم هەیە ئەوەش ئەوەیە کـە هاندەرانی یانەکەمان لە شـاری سـلێمانی زیاتر هانمان بدەن بۆ ئـەوەی ئەنجامی گـەورە بۆ ئەوان بەدەسـتبهێنین، چونکە هاندەران ڕۆڵێکی گرنگ و یەك لاییکەرەوە دەبینن لە یاریگە.



ئـەو وایزانیوە کە خولی نایاب وەکو خولەکانی پلـە یەك و پلە دووی خولەکانی ترە و تەنیا پشتی بە یاریزانانی لاو و پلە یەك بەستووە، چونکە چەند یاریزانی لاوی پێش خستووە، خۆشتان دەزانن پێشخسـتنی یاریزانانی لاو پێویستی بە یاریزانانی بەئەزموون هەیە لەگەڵـی بێت، بۆیە ئەوەش هـۆکار بووە، دەستنیشـانکردنەکانی یاریزان هەمـووی هەڵە بووە، هەر چەندە ژمارەیەك یاریزانی باشـی تێدایە، بەڵام تیپی گـەورە وا ناچێت بەڕێوە یانەیەکـی گەورە چەند یاریزانێك نەبێت کە هی ئەوەن لە خولی پلە نایاب یاری بکەن ئەگەر نا زۆربەیان ئەزموونیان کەمە لەم خولەدا، سەردار گوتیشی» ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین بۆ مانەوە لە خولەکە، شـەڕی مانەوەش دەکەین لەگەڵ سـەرجەم یانەکان یاری بۆ یاری ، بەڵام وەکو ئاماژەم پێکرد کە خراپی دەسـت نیشان کردن و ئامادەکاری یانەکەش وەکو پێوسـت نەبووە ئەوانە هۆکاربوونە، ئێمە پلانی خۆشـمان هەیە بۆ ئەوەی دەربازبین لە ئەگەری دابەزین، چونکە شەڕی ئێمە لەگەڵ کەرکوك دەبێت بۆ دابەزین، چونکە لە نێوانی هەردوو تیپەکەمانە هەوڵێکی باش دەدەین، ئێسـتاش بێئومێد نەبوون لە هیچ ئەگەرێك، چونکە ئەوە تۆپی پێیە و هەموو شـتێکی لێ چاوەڕوان بکە، منیش وەکو ڕاهێنەر هەوڵی تەواوی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی یانەکە لەم دۆخە رزگار بکەم.